کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد خەیاڵ نیە

ئەحمەد دەشتی



دەربڕینەکانی ئەم دواییەی سەرۆکی بەڕێزی هەرێمی کوردستان لە گەل کەنالی ئێن تیڤی تورکیدا سەرکەوتنێکی مەزنی کوردە کە بە ڕاشکاوی لە بارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە دوا و دلێ یوووو کوورێکی دڵسۆزی بەم دەربڕینانە شاد کرد و هیوای بوونی وەلاتێکی سەربەخۆیی کورستان لە ناو دڵ و دەروونی هەموو ئەوانەی کە ئاواتیان سەربەخۆیی کوردستانە پتەو تر کردەوە ، ئەو هەستە بەرزەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد هیوای هەموو دڵسۆزێکی کوردەو جێگای شانازیە بۆ کوردو کوردستان،بۆیەکە هەمیشە سەرکەوتنی سەرۆکی هەرێمان کاک مەسعود بارزانی ئاواتە و بە هیواین کە بە زووترین کات ئەو هەستە کوردانە و دڵسۆازانە کەبۆ کوردو کوردستانی ئازیزمان دەری بڕیوە وەدی بێت و گەلی کوردو کوردستانیش سەبەخۆ ببێ و ئێمەی کوردیش ببین بە خاوەن قەوارەیەکی نەتەوایەتی خۆمان و وەک هەموو گەلانی سەربەخۆی سەر ئەم زەمینە ئێمەش لە سەر خاکی خۆمان دا ئازادو ڕەهاو ببین بە خاوەن کیانێکی نەتەوایەتی گەلی کورد.



ئەمەی خوارەوەش ڕاو بۆچونەکانی هێژا سەرۆکی کوردستان کاک مەسعود بارزانیە کە جێگەی دڵخۆشی هەموو کوردێکی دڵسۆزە بۆ کوردو کوردستان :

بەڕێزو هێژا کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چاو پێکەوتنێکی دا لە گەل کەنالی (ئێن تی ڤی) تورکیدا زۆر بە ڕاشکاوی و دڵسۆزانە ڕایگەیاند و فەرمووی: پێویستە کە دەوڵەتێکی کوردی بەخەیاڵ نەزانرێت و بەراست بزانرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕەنگە لەگەڵ تورک و عەرەب و ئێرانیەکان بگەینە ئامانجێك. ئاماژەشی بەوەدا کە دەبێ تورکیا و ئێران لەگەڵ ڕاوبۆچوونی ئەوەدا ڕابێن، کە کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی خۆی هەبێت.

سەرۆکی هێژای کوردستان لەپەیڤەکانی لەگەڵ کەناڵی (ئێن تی ڤی) تورکی دا سەبارەت بەهەوڵەکانی تورکیا بۆ دیالۆگ و پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا گوتی: "ئێمە لەبەرامبەر ئەو هەوڵانە زۆر خۆشحاڵین، چونکە ئێمە لەو باوەڕە داین کە دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشە و بابەتە هەڵپەسێردراوەکان و تێگەیشتنە هەڵەکان باشترین ڕێگە چارەیە".

بارزانی گوتی: " لەبەر ئەوەی کە ئێمە دراوسێی یەکترین، بۆ گرنگی بەرژەوەندی یەکتر دیالۆگ پێویستە کە بیکەین، پێشمان وایە کە چاوپێکەوتن و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ کاریگەری باشتری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی کوردستان و تورکیا لەوەدایە". سەرۆکی کوردستان فەرمووی: ( ناسنامەی کورد لەناوچەکەدا 40 ملیۆن کەسە، بەداخەوە مێژوو بەرامبەر بەگەلی کورد دادپەروەرانە نەبووە و کوردستان بەسەر چەند وڵاتێك دابەشکراوە، بەڵام هەوڵی ڕەتکردنەوەی ناسنامەی کورد بە عەرەب و تورك و فارس کردن، سەرکەوتوو نەبووە و نەبۆتە چارەسەری کێشەکان. بۆیە سیستەمێکی سەربەخۆیی مافێکی ڕەوای کوردە، منیش وەکو کەسێك دەڵێم ئەو کۆسپەی لەبەردەم کورد و دراوسێکاندا هەیە، هەڵبگیرێن، بۆ ئەمەش دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بەتوندوتیژی نایەتەدی،بەڵکو لەرێگەی لەیەك گەیشتن و پاراستنی بەرژەوەندییەکان بەدەست دێت. هێژا بارزانی فەرمووی کە دەبێت تورک و ئێرانیەکان لە گەل ئەوەدا ڕابێن کە کورد وەلاتێکی سەربەخۆی هەبێت و ناسنامەی 40 ملیۆن کورد بە ڕاست بناسرێت و کوردستانیش ببێ بە وەلاتێکی سەربەخۆ و ئازادو ڕەها. )

بەڵی گەلی کورد وەک هەموو نەتەوەیەکی سەر ڕووی ئەم زەمینە مافی خۆیەتی کە وەڵاتێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت و کوردستانی لە ژێر چنگی خۆی دابیت،کوردیش لە ناو لانەو کاشیانەی خۆی دا کە هەواری ڕەنگینی کوردستانە دەبێ بە ئازدی و سەربەخۆیی و ڕەهایی بژیت، کوردیش نیشتمانی خۆی ئاوەدان بکاتەوەو ئەو هەموو زولم و زۆرداریانەی کە لە لایەن تورک و عەرەب و عەجەمەکان ساڵەهای ساڵە لەم گەلە هەژارو چەوساوەی کوردی دەکەن و بە هەموو جۆرێکەوە خاکی کوردستانیان وێران و خاپورکردووە و دژایەتی هەموو مافێکێ تەنانەت مافی کەلتوری کوردیشیان بە درێژایی مێژوو کردووە و هەمیشە هەولی توانەوەی کوردیان داوە و دژ بە ویست و خواستەکانی گەلی کورد هەموو هەنگاوێکیان هاویشتووە و هەردەم دژایەتی بوونی وەڵاتێکی کورستانی سەربەخۆیان کردووە،تەنانەت گەلی کورد لە دوای ئەو هەموو خەبات و قوربانی دان و ڕشتنی خوێنی هەزاران هەزار لاوەقارەمانەکانیخۆی نەی توانیوە کە بە هیواکانی خۆی شاد ببێ و تەنانەت باسی سەربەخۆیی بکات و ئەم داوایە سروشتیە نەتەوایەتیەی خۆی بە تەواوی بێنتە سەر زارانەوە، چونکە هەمیشە دوژمنان بە سێ کوچکەییەوە یەکتریان گرتووە و بەیەکەوە پەلاماری گەلی کوردیان داوە و گەلێ لە کارەسات و بە سەرهاتەکانی پڕ لە نەهامەتیان بە سەر گەلی کوردو کوردستاندا هێناوە،دیارە کە دڕندەیی و هەستی پیسی نەیارانی کورد هەمیشە بوونەتە هۆکاری داوا نەکردنی وەلاتێکی سەربە خۆی کوردەواری، چونکە بە هۆی بە هۆی ئەم داوایەوە گەلێ کارەساتی مەزن تریان دژ بە کورد وەدی دەهێنا،هەرچەند لە دڵ و دەروون و هەستی هەموو کوردێکێ بە شەرەف دا سەربەخۆیی و بوونی وەلاتێکی کوردەواری هەرگیز خەون و خەیال نەبووە و لە دەروونی هەموو کوردو کوردستان دا نەخشەی وەڵاتێکی سەربەخۆی کوردەواری تۆمار و دیار بووە، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان تابڵیی مرۆ کوژ و پیاو خەراپ بوونە و دژ بە کەمترین داواکردنی مافەکانی گەلی کورد پەلاماری دڕندانەیان دژ بە کورد داوە و دیمان کە چیان بە سەر گەلی کورد هێناوە، بۆیەکە کورد بۆی نەچۆتە سەر و هەمیشە لەم داوایەی هەتا ئەم ساتەش سلەمیتەوەو نەی توانیوە کە بە ڕاشکاوی داوای سەربەخۆیی کوردو کوردستانی خۆی بکات،بەڵام ئەمرۆ وا ڕۆژگار گۆڕاوەوە و هەڵیکی مەزن بۆ گەلی کورد هاتۆتە پێش و ڕابەرانی کورد ئەمرۆ دکارن کە باس لە بوونی سەربەخۆیی کوردستان بکەن و وەک دەبینین کە هێژا بارزانی سەرۆکی کوردستان ئەمڕۆکە بە ئاشکرایی باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکات و لە دەربڕینەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لە بارەی بوونی وەڵاتێکی سەربەخۆی کورد کە فەرمووی پێویستە دەولەتێکی سەربەخۆی کورد بە خەیاڵ نەزاندرێت، واتە بێتە ئاراوە ئەم دەربڕینەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەرچەرخانێکی گەورەیە لە مێژووی گەلی کورد دا کە لە ڕابووردوودا بەم شێوەیە شتی ئاوا بە ڕاشکاوی نەگوتراوە،ئەمەش ویست و خواستی دڵی هەموو کوردێکی بە شەرەف و مەرد ونیشتمانپەروەرە و ئەم دەربڕینانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم ڕۆژگارەدا دڵخۆشکەرەیەکی تابڵیی مەزن و گەورەیە دیارە کە ڕۆژگاری کورد لە بارەو کاتی ئەوە هاتووە کە گەلی کورد داوای سەربەخۆیی خۆی بکات، واتە ئەم هیوایەی کورد وەنەبێ خەیاڵ بێت و ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە کە گەلی کورد سەربەخۆیی ناوێت!!!خۆ دیارە کە لە ڕابووردوودا کە دوژمنانی کورد هەمیشە بوختنان و درۆو دەلەسە و ناڕاستیەکانیان بە هۆی نۆکەرانیانەوە دەخستە ڕوو و گەلێ شتێ ناڕەواو ناڕاستیان دەتاشی تەنیا بۆ سوک کردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردو سەرکردایەتیەکەی کورد کە گوایە داوای سەربەخۆیی ناکەن!!!! بەڵام ئەمرۆکە جیایە و هاکا دەولەتێکی کوردی بڕیاری لە سەر دراو جیهانیان وەک هەموو دەولەتانی تر دانیان بە کوردو دەولەتێکی کوردی هێنا و ئیتر ئێمەش بەرەو سەرکەتن و ئاوەدانیەکان و جوان کردنی نیشتمان و پیشکەوتن و شارستانیەت برۆین و بەرەو تەکنەلۆژیاو زانست و زانین هەنگاو باوێین و هەستی پیس و ناڕاستی نۆکەران و دوژمنانی کورد و کوردستان بۆ هەمیشە لە ناو بەرین و ئەم جارە تاجی سەربەخۆییمان بێ سەر نەڕوات و کورد سەربەخۆ و ڕزگار و ئازدببێت .